بە زیرەکی دەستکرد چاودێری هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراق دەکرێت

کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان دەڵێت، بە زیرەکی دەستکرد چاودێری هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراق دەکرێت و لە بەرواری ٩ی ئاب تیروپشک بە ژمارەی کاندید و هاوپەیمانییەکان ئەنجامدەدرێت.

ئەمە سەشەمە ٢٩ی تەمموزی ٢٠٢٥، دکتۆر عیماد جەمیل، سەرۆکی تیمی راگەیاندنی کۆمسیۆن بە رۆژنامەی سەباحی راگەیاند، ئەنجومەنی کۆمیسیۆن رۆژامەندی داوە لە چاودێریکردنی هەڵبژاردنەکان لە رێگای زیرەکی دەستکردەوە.

وتیشی، بەیارە خولەکی زیرەکی دەستکرد ئامادەبکرێت تایبەت بە چاودێریکردنی هەڵبژاردنەکان.

باسی لەوەشکرد، تا ئێستا ٤٠٪ی ئامێرەکانی دەنگدان ئامادەکراون و رۆژی ٩ی ئاب وەک وادەی تیروپشکی ژمارەی هاوپەیمانی و حزب و کاندیدی تاکەکەسی بە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق دیاری کراوە.